# راپۆرتی پێنجەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردە لە کوردستان

## 2021/12/14

## هەولێر

## هۆتێلی رۆتانا




ئامادەکردنی بەهار عەلی

## **پێشەکی**

**لە ژێر دروشمی، لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی ژن لە ناوەندی بریار و بەشداریکردنی لە بونیادنانی ئاشتی دا ، گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە بە هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و رێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و و رێکخراوی ئێن پی ئەی نەرویجی، پێنجەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردەی لە کوردستاندا، لە بەرواری 2021/12/14 لە شاری هەولێر لە هۆتێلی رۆتانا ئەنجام دا.**

**لەم دیدارەدا سەرۆك و سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران و سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان و ژنانی سەرکردە لە بوارە جیاجیاکانی کاری سیاسی و ئیداری و نوێنەرانی ژمارەیەك لە کونسولگەری و رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان بەشدار بوون.**

**پێنجەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردە هاوکات بوو لەگەڵ تێپەربوونی 10 ساڵ بەسەر دامەزراندنی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کوردستاندا، بۆیە دیدارەکە چەندین چالاکی جۆراوجۆری لە خۆ گرتبوو لەوانە:**

**یەکەم**: **کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتوگرافی کە تیایدا کار و چالاکیەکانی گروپی ئاشتی دەخستە روو کە لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا ئەنجامی دابوو.**









**دووەم: نمایشکردنی کورتە فلمێکی دۆکیومێنتەری دەربارەی کار و بەرهەم و دەستکەوتەکانی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا.**



**سێهەم:** ئامادەکردنی راپۆرتێکی هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە ماوەی 10 ساڵی کارکردنیدا و دەستکەوت و تەحەدیەکانی بەردەم کارکردنی.

چوارەم: لە دوو پانێڵدا بەشداربووان گفتوگۆیان دەربارەی:

- پرۆژەی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە بۆ زامنکردنی زیادبوونی رێژەی ژن لە ناوەندی بریار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- گفتوگۆکردن دەربارەی رۆڵی ژن لە چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان

## دەستپێکردن و کردنەوەی دیداری لووتکە

دیداری لووتکە بە چەند ساتێك ماتەمینی و رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و ژنانی قوربانی توندوتیژی دەستی پێکرد. پاشان کورتە فیلمێك دەربارەی کارەکانی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە نمایشکرا کە تیایدا باسی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو گروپەی دەکرد کە لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری و ئاشتی کۆمەلایەتی و زامنکردنی یەکسانی جێندەری لە رەشنووسی هەرێمی کوردستان و زیادکردنی بەشداری ژنان لە ناوەندی بریار و گەرانەوەی ئومێد و متمانە بە کۆمەڵگای ئێزیدی و پێکهاتەکانی تری دەشتی نەینەوا لە پاش هێرشی تیرۆرستی داعش و ئەنجامدانی جینۆساید دژی ئێزیدیەکان لە ساڵی 2014دا.

پاشان وتاری بەخێرهاتن و کردنەوەی دیدار لە لایەن بەهار عەلی پێشکەش کرا و ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی.




- **بەرێز دکتۆرە رێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**
- **بەرێزان ژنانی سەرکردە لە هەرێمی کوردستان**
- **بەرێزان نوێنەرانی کونسولگەریەکان و رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان**
- **ئامادەبووانی هێژا**

بە ناوی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە و لە کوردستان، بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێدەکەم و سوپاسی ئامادە بوونتان دەکەم لە پێنجەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردە لە هەرێمی کوردستان، کە ساڵانە ئەنجام دەدرێت و ژنانی سەرکردەی کوردستان لە سەرجەم بوارەکانی کاری سیاسی و ئیداری و بەرێوەبردن و یاسا دانان ... پێکەوە گفتوگۆ

دەربارەی چۆنێتی زیادکردنی بەشداری ژنان لە ناوەندی بریار و پرۆسەکانی بوونیادنانی ئاشتیدا دەکەن، تاوەکو هەرێمی کوردستان بتوانێت سوود لە تەواوی تواناکانی ژنان وەربگرێت بە مەبەستی هێنانەدی ئاشتی و یەکسانی و عەدالەتی جێندەری لە کوردستاندا.

دیداری لووتکەی ئەمساڵ هاوکاتە لە گەڵ تێپەر بوونی 10 ساڵ بە سەر دامەزراندنی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کوردستاندا، کە بە هۆی تێکۆشانی بەردوامی توانیویەتی چەندین دەستکەوت بەدەست بهێنیت لەوانە:

- ❖ کۆکردنەوەی تواناکانی ژنانی سەرکردە بە مەبەستی زامنکردنی بەشداری ژنان لە ناوەندی بریار و بونیادنانی ئاشتیدا.
- ❖ گرتنە بەری رێگای گفتوگۆکردن و بەکارهێنانی زمانی نەرم لە لایەن زۆربەی ئەندامانی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کاتی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا.
- ❖ دانانی نەخشە رێگای چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی جینۆسایدی داعش دژ بە پێکهاتەکانی کوردستان بە تایبەتی ژنان و کچانی ئێزیدی کە لە ئەنجامیدا یاسای پاراستنی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان لە سالی 2015 دا دەرچوو و بەرنامەکانی شیاندنەوەی رزگاربوانی دەستی داعش بەرە و پێشتر چوو.
- ❖ زیادبوونی ژمارەی ژنان لە سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و هەندێك لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

بێگومان زۆربەی کارەکانی ئەم گروپە بە بی هاوکاری پاڵپشتی و هەماهەنگی چەندین لایەن و رێکخراوی ناخۆی و دەرەکی زەحمەت دەبوو، بۆیە هەر لێرەوە سوپاسی بێ پایانی خۆمان ئاراستەی:

- ❖ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەماهەنگی بەردەوام هەروەها میوانداری کردنی دیداری ئەمساڵ.
- ❖ لیژنەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان
- ❖ ئەنجوومەنی باڵای گەشەپێدانی ژنان
- ❖ رێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی
- ❖ رێکخراوی ئێن پی ئەی نەرویجی
- ❖ رێکخراوی هیڤۆس
- ❖ رێکخراوی میدیکا موندیاڵی ئەڵمانی

دووبارە بەخێر هاتن سەرچاومان و سوپاس بۆ ئامادە بوونتان .

پاشان ووتاری ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە لایەن د. خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان پێشکەش کرا و ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:



زۆر بەرێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان

بەشدار بوانی ئازیز

رۆژتان باش

بێگومان رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ بەشداریکردن و بەشداربوونی خانمان لە کایەکانی کۆمەڵگا بە گشتی و لە ناوەندەکانی بریار ئەرکی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بەشێکی دانەبراوە لە پرۆسەی دیموکراسی. هەموو دەزگاکانی هەرێم، هەر لە پەرلەمانەوە بگرە، تاکو سەرۆکایەتی و هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەتوانن لەو پرۆسەیەدا رۆڵیان هەبێت. خۆشبەختانە ئێمە لەم کابینەی حکومەتدا پەیوەندیەکی باشمان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان، لیژنەکانی پەرلەمان بە تایبەت لیژنەی ئافرەتان، سەرۆکایەتی هەرێم و دەزگای دادوەری هەرێم هەیە. ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان پێکەوە بە پێی ئەو ئەرکەی بۆمان دیاریکراوە بتوانین هاوبەش بین لە رەخساندنی ئەو زەمینە لەبارەدا.

ئێمە هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونمانەوە لە ئەنجوومەن، بیرمان لەوە کردەوە کە چۆن کار لەسەر رێگریەکان بکەین بۆ ئەوەی دەرفەتی زیاتر بۆ خانمان برەخسێنین تاوەکو بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە بگەنە ناوەندەکانی بریار و لەوێش دەنگیان دلێر بێت. وەك هەموان دەزانن کاتێك باس لە یەکسانی جێندەری دەکەین، واتە تایەکی تەرازوەکە ناهەوسەنگەو دەبێت هەوڵ بۆ راستکردنەوەی بدرێت. ئێمە لە جیهانێك و ناوچەیەك و وڵاتێکدا دەژین کە رۆڵە جێندەریەکان بە یەکسانی دابەش نەکراون و پلانی ستراتیژی و پشتیوانی مرۆیی و دارایی دەوێت بۆ ئەوەی هەوڵەکان بە ئاراستەی یەکسانکردنەوەدا بەرەو پێش ببرێن.

وەك ئاگادارن، لە چارەکی کۆتایی ساڵی 2020 دا، ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، بە هاوکاری تەکنیکی و مرۆیی دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ئافرەتان، پلانی کاری هەرێمی کوردستانی بۆ جێبەجێکردنی بریاری ژن، ئاشتی و ئاسایشی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان 1325 ئامادە کرد. ئەوەش پاش چەندین کۆبوونەوەی گرینگ لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی فیدراڵی. لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ هاوکارانمان لە بەرێوەبەرایەتی تواناسازی ژنان لە حکومەتی فیدراڵی لەسەر چواچێوەی گشتی پلانی نیشتمانی عێراق رێککەوتین و پاش ئەوەش بریارمان دا هەر حکومەتێك بە جیا پلانی کاری خۆی هەبێت. لە هەرێمی کوردستان، پلانەکە بە راوێژ لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و هەروەها بەشداری

زۆربەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئامادە کراو پاشان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەرێ کرا. بەشداریکردن، پاراستن، پێشگرتن، سێ کۆڵەکەی سەرەکی پلانی هەرێمی کوردستان پێك دەهێنن. بۆ نموونە ئامانج لە کۆڵەکەی بەشداریکردن، پێشخستنی بەشداری ئافرەتە لە سەرکردایەتی و بریار سازی بۆ بەهێزکردنی سەقامگیری ئاشتی و هێنانە کایەی کەشێکی ئاشتەوایی. هەر بۆیە ئێمە پێشبینی دەکەین پاش جێبەجێکردنی پلانەکە ڕێـژەی خانمان لە کەرتە ئەمنیەکان، کۆمیتە و لیژنەکانی پەیوەست بە ئاشتەواییدا بەرز ببێتەوە. هەروەها ڕێژەی ژنان لە پرۆگرامەکانی بونیادنانەوە و فریاگوزاری مرۆییدا و لیژنەکانی جێبەجێکردندا بەرز ببێتەوە. ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك باسی ئافرەتی سەرکردە دەکەین، هەم گرنگی بە چەندایەتی و ژمارە و هەمیش بە چلۆنایەتی دەدەین. بۆیە گرنگە خانمان دەرفەتی یەکسانیان بۆ بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن و بە زانستی ڕۆژ خۆیان دەوڵەمەند بکەن و هاوشانی پیاوان وەك بەشێکی سەرەکی لە ئاوەدانکردنەوە و بەرەو پێشبردنی کوردستاندا بەشدار بن. بۆیە هەوڵەکانی هەوڵەکانی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە و هەر هەوڵێکی دیکە بە ئاراستەی بەهێزکردنی پێگەی خانمان لە سەرکردایەتی ناوەندە جیاوازەکانی حکومی و حزبیەکان و بە گشتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بەرز دەنرخێنین و لێرەشەوە پێتان دەڵێین کە ئەزموونی ئێوە دەکرێت بخرێتە خزمەت جێبەجێکردنی ئەجێندای ئافرەت، ئاشتی و ئاسایش. دەکرێت دامەزراوەکانی ناو حکومەت و هاوبەشەکانمان لە دەرەوەی حکومەتیش کەڵك لە تواناو، بیر و بۆچوون و ئەزموونی ئێوە ببینن لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانەکەدا.

**دوا بەدوای ئەوە د. چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە ڕاپۆرتێکی هەڵسەنگاندنی دەربارەی 10 ساڵ کارکردنی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە پێشکەشکرد. ئەمەی خوارەوە دەقی ڕاپۆرتەکەیە:**

ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندی کار و چالاکیەکانی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردەی کوردستان لە ماوەی 10 ساڵدا

2021-2011

**دامەزراندی گروپی ئاشتی: لە 2 ئایاری 2011، سەرەتا بە ناوی گروپی ئاشتی ژنان و بە دروشمی ( پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی ئەرکی هەموانە) دامەزراندنی خۆی ڕادەگەیەنێت و دواتر بە ستراتیژی دارێژراو لە ساڵی 2013 دا ناوی دەگۆڕێت بۆ گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کوردستاندا.**



**ئامانجە سەرەکیەکانی گروپ بریتیە لە:**

- **بەرزکردنەوەی ڕێژەی ژنان لە ناوەندەکانی بریاردان.**
- **بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەتان لە بوونیادنانی ئاشتیدا.**



**چالاکیەکانی گروپی ئاشتی لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا بەم شێوەیە بووە:**

| ساڵ | جۆری چالاکی |
|---|---|
| 2011 | **هەوڵەکان بۆ ئاشتی:**<br>- سەردان کردنی گشت پارتە سیاسیەکانی کوردستان و دەرکردنی چەندین بانگەواز بۆ ئاشتی<br>- پێشکەشکردنی پرۆژەی ژنان بۆ چاکسازی، ناردنی داواکاری بۆ ئەم مەبەستە بۆ دەستەلاتی دادوەری. |
| 2012 | **بە هەماهەنگی ئەنجوومونی باڵای کاروباری خانمان، گروپی ئاشتی بەشدار بووە لە سیمینارێکی تایبەت بە بەشداری ژنان لە بواری سیاسیدا.** |
| 2013 | **بەمەستی چر کردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی ئافرەتان لە ناوەندی بریاردا: پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خوولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی 21 ئەیلوولی 2013دا، گروپی ئاشتی بە مەبەستی فشار خستنە سەر پارت و هێزە سیاسیەکان بۆ پاڵپشتی ژنان لە ناو پێگەکانی بریاردانددا، سەردانی سەرکردە و هێزە سیاسیەکانی کوردستانیان کرد.** |
| 2014 | 1- **بانگەوازێك لە گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردەوە بۆ گشت یەکێتی و سەندیکا و کۆمەڵە پیشەییەکان و سەرجەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن بۆ پشتیوانی لە پێگەی ژنان لە ناوەندی بریاردا.**<br>2- **ئەنجامدانی کۆربەندی (ژنان بەشێکی گرنگی گەشەپێدانی هەرێمن، ناکرێت لە ناوەندی بریاردا بوونیان نەبێت).** 9-6-2014<br>3- **ناردنی نامە بۆ پارتە سیاسیەکانی کوردستان بە مەبەستی بەهێکردنی پەیوەندیەکان.** 22-10-2014.<br>4- **ناردنی یاداشتنامەیەك بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی مانەوەی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان و تێکەڵ نەکردنی لەگەڵ لیژنانی تردا.**<br>5- **ناردنی یاداشتنامە بۆ بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی راسپێردراو قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بەشداری ژنان لەو کابینەیەدا.** 20-5-2014.<br>6- **ناردنی یاداشتنامەی بیرخستنەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرجەم پارتە سیاسیەکان بە مەبەستی بەشداری ژنان لە کابینەی هەشتەمی حکومەتدا.**<br>7- **بڵاوکردنەوەی پەیامی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە بۆ پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هۆی برینی بوودجەی هەرێمەوە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە.** 11-6-2014.<br>8- **بڵاوکردنەوەی پەیامی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە بە بۆنەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.** |

| | |
|---|---|
| 9- ئامادەکردنی پەیماننامەی نیشتمانی کوردستان بە مەبەستی بەهێزکردنی دام و دەزگاکانی حکومەتی کوردستان پاراستنی ئاشتی. | |
| 1- ناردنی یاداشتنامە بە مەبەستی بەشداریکردنی ژنان لە حکومەتە خۆجییەکاندا. 28-1-2015.<br>2- ئەنجامدانی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان,<br>3- بلاّوکردنەوەی پەیامێك لە بارەی شەر و بارگژی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. 25-5-2015.<br>4- ناردنی برووسکەی پیرۆبایی بۆ هەدەپە بە بۆنەی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا. 12-6-2015.<br>5- کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری رەشنووسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ زامنکردنی یەکسانی جێندەری لەو پرۆژەیەدا. 27-6-2015.<br>6- ناردنی یاداشتنامەیەك بۆ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان سەبارەت بە یەکریزی و چارەسەر کردنی پرسی بایکۆتی پەرلەمان. 7-7-2015.<br>7- دارشتن و پێشکەشکردنی پرۆژەی بونیادنانەوەی بنەما و ستراتیژی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان. 30-8-2015.<br>8- بلاّوکردنەوەی بەیاننامەیەك بە مەبەستی بەرقەرار بوونی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان.13-10-2015.<br>9- ئامادەکردنی وەرەقەیەك کە تیایدا پێشنیارەکانی گروپی تێدا بوو بۆ زامنکردنی دەستوورێکی مەدەنی و دیموکراسی کە زامنی یەکسانی جێندەری بکات.<br>10- پێشکەشکردنی پرۆژەیەك بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. | 2015 |
| 1- ئەنجامدانی دووەمین کونفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان 25-4-2016.<br>2- بانگەوازێك بۆ گشت لایەن و هێزە سیاسیەکان و ناوەندەکانی هزری و زانستی و میدیایی و رێکخراوەکان بۆ دەستپێکردنەوە دانووستانەکان. 14-11-2016.<br>3- ئەنجامدانی یەکەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردە لە کوردستان. 28-12-2016 | 2016 |
| 1- کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکانی کوردستان، بۆ بەشداری ژنان لە دانووستانەکاندا.3-4-2017.<br>2- ئەنجامدانی سێهەمین کونفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان. 25-4-2017. | 2017 |

| | |
|---|---|
| | 3- یاداشتی ژنان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیتی ئەوروپا و کونسوڵخانەی وڵاتان دەربارەی ئەوەی کە سەربەخۆیی کوردستان زامنی هێنانەدی یەکسانی ژنان دەکات.<br>4- ئەنجامدانی شەونخوونی ژنان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر.<br>5- ناردنی نامەیەك بۆ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم ، سەبارەت بە دانانی ژمارەیەك ژن لەو ئەنجوومەنەدا.<br>6- ئەنجامدانی دووەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردە لە کوردستان. 20-12-2017. |
| 2018 | 1- ئەنجامدانی دوەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردە لە کوردستان. 9-1-2018.<br>2- ئامادەکردنی پرۆژەی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە بۆ هێنانەدی یەکریزی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان.<br>3- ئەنجامدانی سێهەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردە لە کوردستان. 12-12-2018.<br>4- پێشکەشکردنی پرۆژەی ژنان بۆ کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. |
| 2019 | 1- ئەنجامدانی چوارەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان. 25-4-2019.<br>2- ئەنجامدانی سێهەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردە لە کوردستان. 17-10-2019<br>3- یاداشتنامەی پاڵپشتی بۆ ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان دژ بەو هیرشە نارەوایەی بەرانبەریان دەکرا. 29-11-2019. |
| 2020 | 1- ئەنجامدانی چوارەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردە لە کوردستان. 22-12-2020. |

گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە 44 چالاکی ئەنجامداوە لە ماوەی 10 ساڵدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ. چالاکی پێگەی ژنان لەناوەندی بڕیار | ژ. چالاکی بۆ بوونیاتنانی ئاشتی | ژ.چالاکی بۆ پرسە نەتەوەییەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| 10 | 15 | 19 | 44 |

ئەم گروپە بە هەمان ڕێژەو ئاست چالاکی ئەنجام نەداوە، هەندێك ساڵ ژمارەی چالاکیەکانی زۆرتر بووە و هەندێك ساڵ توانیویەتی تەنها چەند چالاکیەك ئەنجام بدات. بێگومان چەندین هۆکاری زاتی و بابەتی هەبووە.

ئەم هێڵکاریەی خوارەوە ئەوە روون دەکاتەوە:




پاشان پانێڵی یەکەم بەڕێوە چوو بە ناونیشانی (پرۆژەی گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە بۆ زامنکردنی زیادبوونی ڕێژەی ژنان لە ناوەندی بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان). کە تایبەت بوو بە گرنگی دەرچوونی یاسایەك بۆ دەستەبەر کردنی بەشداری ژنان لە حکومەتدا.



**لەم پانێڵەدا بەڕێزان ئامینە زیکری و مونا قاوەچی سکرتێری پەرلەمان بەشدار بوون و لە لایەن ناسك تۆفیق بەڕێوە برا و لە لایەن د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا.**

**خاتوو ئامینە زیکری بابەتێکی پێشکەش کرد کە تیایدا باسی لە ڕێژەی ژنان کرد لە ناوەندەکانی بڕیاردانداو بەراوردکردن بوو لە ماوەی نێوان کابینەی هەشت و نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بە پێی ئامارەکان لە هەندێك ناوەندا ڕێژەی ژنان لە کابینەی نۆدا زیادی کردووە و بە شێوەیەکی گشتی لە 54 پۆستی باڵا لە کابینەی هەشتەمدا بووەتە 72 پۆستی باڵا لە کابینەی نۆیەمدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

| **پۆست** | **کابینەی 8** | **کابینەی 9** |
|---|---|---|
| وەزیر | 1 | 3 |
| یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئابوری پلە(وەزیر) | 0 | 1 |
| ڕاوێژکار لە نووسینگەی سەرۆکی حکومەت | 0 | 2 |
| ڕاوێژکار | 11 | 14 |
| بریکاری وەزارەت | 1 | 4 |
| جێگری پارێزگا | 0 | 1 |
| سەرۆك زانکو | 0 | 3 |
| ڕاگر | 10 | 11 |
| بەڕێوەبەری گشتی | 25 | 26 |
| قائمقام | 4 | 3 |
| مدیر ناحیە | 2 | 3 |
| سەرۆکی دەستەی مافی مروڤ | 0 | 1 |
| **کۆی گشتی** | **54** | **72** |

**ئەم ئامارانە هەرچەندە مایەی خۆشحاڵین بەڵام:**

**یەکەم: هیچ زەمانەتێکی یاسایی نیە بۆ پاراستنی یان زیاد بوونی ئەم ڕێژەیە لە کابینەکانی داهاتوودا.**

**دووەم: لە هەندێك لە وەزارەت و دام و دەزگا سیادیەکانی وەك وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتیەکان و دەزگای مین بۆ یەکەمجارە کە ژن تیاید بەڕێوەبەری گشتین. هەروەها یەکەمجارە یاریدەدری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئابووری ژنێك دەستبەکار بێت.**

**سێهەم: لە سەکتەری لەشکری و ئەمنی تا ئێستا هیچ ژنێك لە پلەی باڵا و ناوەندی بڕیاریدا نین.**

**هەروەها باسی لەو پرۆژە یاسایە کرد کە لە خوولی پێشووی پەرلەماندا بۆ ئەم مەبەستە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا بوو و 60 پەرلەمانتار ئیمزای لەسەر کرد لە ڕێکەوتی 2018/8/2 دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەڵام لەوە زیاتر نەچووە پێشەوە.**

**لە پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە لایەن لە لایەن بەشداربووانەوە بڕیار درا ڕەشنووسی پرۆژە یاسایەك دەربارەی دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە ناوەندەکانی بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت و پێش ماتگی 3 پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان بکرێت. شایانی باسە سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند کە بە هەموو توانایەوە هەوڵدەدات بیخاتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە.**






**پانێڵی دووەم کە گفتوگۆیەکی کراوە بوو دەربارەی رۆڵی ژن لە چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا، لە لایەن خاتوو پەخشان زەنگەنە و گوڵستان سەعید بەڕێوە چوو.**




**سەرەتا، بەڕێوەبەرانی پانێڵەکە هەندێك هێڵی گشتی بەشداری ژنانیان لە سەقامگیر و بوونیادنانی ئاشتیدا لە ساڵانی رابردوودا پێشکەش کرد تەنانەت پێش دەرچوونی بریاری 1325 ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە تیایدا ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە کرا:**

- **ژنانی کوردستان زوو دەرکی بەوە کردوە کە لە بارودۆخی ئاشتی و سەقامگیریدا بارودۆخی ژنان باشتر دەبێت، هەر بۆیە مەسەلەی ئاشتی هەمیشە بەشێك بووە لە کاری ژنانی چالاکوانانی کوردستان.**
- **بزووتنەوەی ژنان هەمیشە بە پێی بارودۆخەکان چالاکی و پلانەکانیان دەگونجێنن.**

**لە ماوەی یەك کاتژمێر و نیودا ئامادەبووان گفتوگۆیەکی تێر و تەسەلیان دەربارەی رۆڵی ژنانی کوردستان لە بوونیادنان و چەسپاندنی ئاشتیدا کردوو جەختیان لەم مەسەلانەی خوارەوە کردەوە:**

- گرنگیدان بە بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی تواناکانی ژنانی سەرکردە لە کوردستاندا لە بوارە جیاجیاکانی بوونیاد نانی ئاشتیدا.
- پەلەکردن لە دەرچوونی یاسای ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە کوردستان.
- کارکردن بۆ زیادکردنی بەشداری ژنان لە دام و دەزگاکانی ئاسایشدا و بە تایبەتیش لە پلە تایبەت و ناوەندەکانی بریاردا.
- گرنگیدان بە دام و دەزگاکانی پەروەردە بە مەبەستی دروستکردنی نەوەی داهاتوو لەسەر بنەمای یەکتر قبوڵکردن و قەناعەتبوون بە تواناکانی ژنان.
- گرنگیدان بە کارکردن و کاریگەرکردنە سەر بریاری سیاسی پارتە سیاسیەکانی کوردستان چوونکە هەتا ئێستا لە کوردستاندا پارتە سیاسیەکان فاکتەری سەرەکی بوونیادنان و دابینکردنی ئاشتین.
- بەهێزکردنی پاڵپشتی ژنان بۆ یەکتری.
- گرنگیدان و دیراسەکردنی باشی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی لە کوردستاندا و پەلە نەکرێت لە دەرچوونی هەتا زامنی ئەوە نەکرێت لە یاساکەی ئێستا باشتر بێت، چوونکە پاراستنی ئاشتی نێو خێزان زامنی پاراستنی ئاشتی کۆمەڵگایە. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر بنبرکردنی کوشتنی ژنان بە هەر بیانوویەك بێت.
- بەشداریپێکردنی ژنان و کچانی رزگاربووی شەر و جینۆساید لەسەرجەم قۆناغەکانی بونیادنانی ئاشتی و پاراستنیدا.
- کارکردن بۆ ئاکتیڤکردنی لیژنەی گفتوگۆکانی هەرێم و زامنی ئەوە بکرێت کە ژنانیش تیایدا بەشدار بن.
- کارکردن بۆ بەهێزکردنی رۆڵی میدیا لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەکانی ژنان بەگشتی و کێشەکانی نێو خێزان بە تایبەتی.
- ژنانی سەرکردە لە کوردستاندا پێویستە رۆڵیان کاراتر بێت لە کۆمەڵگادا و پرۆژەیان هەبێت لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و دام و دەزگاکانی حکومەتدا.
- پێویستە هەماهەنگیەکی بەهێز لە نێوان گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە و ئەنجوومەنی باڵای گەشەپێدانی ژناندا هەبێت بە مەبەستی برەودان بە ئەجەندەی ژنان لە سەر ئاستی حکومەت و کۆمەڵگا و زیادبوونی بەشداری ژنان لە بوونیادنانی ئاشتی لە کوردستاندا.

لە کۆتاییدا خاتوو قومری بەرزنجی بەیاننامەی کۆتایی دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردەی لە کوردستاندا پێشکەش کرد کە ئەوەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

لە ژێر دروشمی، لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی ژن لە ناوەندی بریار و بەشداریکردن لە بونیادنانی ئاشتی دا ، گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە پێنجەمین دیداری لووتکەی ژنانی سەرکردەی لە کوردستاندا لە بەرواری

2021/12/14 ئەنجام دا، بە بەشداری سەرۆك و سكرتێری پەرلەمان و ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران و سەرۆكی ئەنجوومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان و ژنانی سەركردە لە بوارە جیاجیاكانی كاری سیاسی و ئیداری و نوێنەرانی ژمارەیەك لە كونسولگەری و رێكخراوە نێو دەوڵەتیەكان,

لەم دیدارەدا كورتەیەكی كارو چالاكیەكانی گروپی ئاشتی لە ماوەی 10 ساڵدا خرایە روو و هەروەها دوو پانێڵی سەرەكی بەرێوە چوو، یەكەمیان تایبەت بوو بە گرنگی دەرچوونی یاسایەك بۆ دەستەبەر كردنی بەشداری ژنان لە ناوەندی بریاردا و لە پاش گفتوگۆكردن بەشداربوانی دیداری لووتكە رێككەوتن لە سەر ئەم پێشنیارنەی خوارەوە:

1- ئامادەكردنی پرۆژە یاسایەكی نوێ سەبارەت بە دیاریكردنی كۆتا بۆ ژنان لە ناوەندی بریاری حكومەتدا.
2- لیژنەی داكۆكیكردن لە ئافرەتان لە پەرلەمانی كوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ گروپ و ناوەند و رێكخراوەكانی پەیوەندیدار كار لەسەر ئامادەكردنی ئەو پرۆژەیە دەكات و واژووی پێویستی بۆ كۆ دەكاتەوە و پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمانی دەكات.
3- گروپی ئاشتی هەوڵ دەدات لە رێگەی میكانیزمی پێویست پشتیوانی پارتە سیاسیەكان بۆ ئەو پرۆژەیە بە دەست بهێنێت.
4- هەموو لایەك هەوڵەكان یەك دەخەن بۆ ئەوەی پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان دەربچێت لە پەرلەمان.

لە پانێڵی دووەم تیشك خرایە سەر رۆڵی ژن لە چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی كوردستان و جەخت لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە كرایەوە:

1- هەوڵەكان چر بكرێنەوە بۆ رەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ بەشداری زیاتری ژنان لە بونیادنانی ئاشتی.
2- سوود وەرگرتن لە توانا و هێزی ژنان بەو پێیەی كە گەشەكردنی كۆمەڵگا پەیوەستە بە گەشەسەندنی رۆڵی ژنان لە سەرجەم جومگەكانی حوكمرانی.
3- كاركردن بۆ پاراستن و بەشداری زیاتری ژنان لە ریزی حزبە سیاسیەكان و گرنگیدانی زیاتر بە رێكخراوەكانی ژنان و كۆمەڵگای مەدەنی.
4- كرنگیدان بە چەندایەتی و چلۆنایەتی وەك یەك.
5- بە كرداریكردنی دروشمەكان و دانانی پلان و بەرنامە بۆی.
6- گرنگیدان بە ئاشتی خێزانی و ئاشتی كۆمەلأیەتی
7- كاركردن بۆ بنەمای پێكەوە ژیان و چەسپاندنی رێزگرتن لە سەرجەم پێكهاتە ئاینی و نەتەوەییەكان بە بێ جیاوازی ئاینی و فیكری.

8- کارکردن بۆ چەسپاندنی مافی هاوڵاتی بوون و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی هەموو جیاکاریەك لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە و رەگەز ...

9- سەقامگیری سیاسی و ئابووری و زامنی ئاشتی کۆمەڵایەتی.

10- گرنگیدان بە پەروەردە بە تایبەت لە پرۆگرامەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی.

لە پێناو بەدیهێنانی ئەو دید و ئامانجانەی کە لەم دیادرەدا خرانە روو، گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کوردستان، بە پلان و ستراتیجێکی نوێ بەرنامە و پرۆژەکانی بۆ ساڵی نوێ ئامادە دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان.






